پێغەمبەری خودام دەبینی -صلى الله عليه وسلم- کە سەلامی دەدایەوە بە لای ڕاست و چەپیدا، هەتاوەکو تەنانەت سپێتی ڕوومەتیشیم (گۆنایشیم) دەبینی

لە سەعدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودام دەبینی -صلى الله عليه وسلم- کە سەلامی دەدایەوە بە لای ڕاست و چەپیدا، هەتاوەکو تەنانەت سپێتی ڕوومەتیشیم (گۆنایشیم) دەبینی.

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە کە ئەو سپێتی ڕوومەتی پێغەمبەری دەبینی -صلى الله عليه وسلم-؛ کاتێک لە نوێژەکەیدا سەلامی دەدایەوە، ئەمیش بەهۆی زێدەڕۆیی لە ئاوڕدانەوەیدا، بەلای ڕاستیدا سەلامی یەکەمی دەدایەوە و بەلای چەپیدا سەلامی دووەمی دەدایەوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65463